# کاریگەری سیستمی زانیاریی ئەلکترۆنی لە سەر شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی: بەرەو چوار چێوەیەکی تیۆریی بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان

د. سەید مەهدی حوسەینی

smahdihosseni@gmail.com

پەروەردە/ زانکۆی کوردستان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

شوناسی کۆمەڵایەتی، لە ئاستی تاک و کۆمەڵدا، لە ئاکامی هەڵس و کەوت و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەزموونەکان و بە پێی شوێنکاتە کولتوورییەکان و خۆهەڵسەنگاندنەکان بە درێژایی تەمەن بەدی دێت و ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێت. هەر جۆرە ژینگەیەکی واقیعی یان مەجازی، بە مەرجێک دەرفەتی پەیوەندی، چالاکی، هەڵس و کەوت بۆ کەسەکان بڕەخسێنی و ئیزنی دانانی گروپ و دەستە بدات، شوێنکاتێکە بۆ بەدیهاتن و ئاڵ و گۆڕی شوناس. کەواتە ژینگەی ئەلکترۆنی و جیهانی ئینتەرنێت، کە ئەمڕۆکە لە بەردەستی هەموو تاک و کۆمەڵگای کوردیدایە، لەسەر شوناسی نیشتمانی کاردانەوەی هەیە.

بەداخەوە تا ئێستا لە سەر ئەم بابەتە نەک لێکۆڵینەوەی جدی نەکراوە، بەڵکو بنەما تیۆرییەکانیشی بە خوێنەرانی کورد نەناسێندراوە. بۆ دەسپێکی سەرنج و بیرکردنەوە لەم بوارە زانستییەدا، ئەم وتارە هەوڵی داوە ئەو تیۆرییانەی لەسەر پەیوەندی شوناسی نیشتمانی و سیستمە ئەلکترۆنییەکان بڵاو کراوەتەوە، بخاتە بەردەستی خوێنەران. هەروەها بە دانانی هەندێک پرسیار سەبارەت بە تیۆرییەکان، بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی لە سەر شوناسی کوردی دابمەزرێنێت.

ئەم لێکۆڵینەوە بە ڕێبازی چۆنێتی و بە شێوەی شیکاری دەقی سەرچاوە زانستییەکان چوەتە پێش. بۆ ئەم مەبەستە دوای هەڵبژاردنی دەستەواژە و گەڕان لە زانۆکەدانی وتار و کتێب، ئاکامەکانی گەڕان بە پێ پوختەی وتار و پێشەکی کتێبەکان جیاکرانەوە. پێوەری گرنگ بەکارهێنانی چوار چێوەی تیۆری و شرۆڤەی پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتمانی و سیستمی ئەلکترۆنی و هەروەها باسکردنی ڕێکخراوە کولتوورییەکان بو. ئاکامی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن بو بە چوار وتار و دوو کتێب کە لە بەشی دەسکەوتەکاندا شەرح کراون.

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت بۆ پەیوەندی شوناس لەگەڵ سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و ڕۆڵی ناوەندە کولتوورییەکان، سەرچاوەکان لەم لایەنانەدا بنەمای تیۆری و چەمکیان بۆ لێکۆڵینەوە پێشنیار کردووە: ١) سروشتی شوناس، ٢) ڕۆڵی هەڵس و کەوتی کەسەکان، ٣) ژینگەی دیجیتاڵی، ٤) کاریگەی سیاسی، و ٥) ڕۆڵی ڕێکخراوە کولتوورییەکان. هەروەها پەیوەندی نێوان لایەنەکان، وەک مۆدێلێکی گشتگیر پێشنیار کراوە و بە پێ خشتەی شیکاری، چەمکە گرنگەکان بۆ

سەرنجدان لە لێکۆڵینەوەدا دەسنیشان کران. لە کۆتایدا بە پێی بار و دۆخی بەکارهێنانی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، چەند پێشنیار ئاراستە کراوە.

**وشە گرنگەکان:** شوناسی نیشتمانی، بنەما تێۆرییەکان، سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی، هەرێمی کوردستان، شیکاری سەرچاوە

**٢- پێشەکی**

شوناسی کۆمەڵایەتی واتە خۆوێناکردن، دوو جۆری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی هەیە و لە ئاکامی هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتییەکان[1]، ئەزموونەکان، شوێنکاتە کولتوورییەکان[2] و خۆهەڵسەنگاندنەکان بە درێژایی تەمەن ئاڵ وگۆڕی بەسەردا دێت. شوناسی کۆمەڵایەتی لە سەر چۆنێتی ڕوانینی تاک بۆ خود و کەسانیتر (Erikson, 1968; Theunissen, 2021)، چۆنێتی پەیوەندی، هەڵس و کەوت، دەربرینی ڕا و بۆ چوون و چالاکی لە کۆمەڵگا (Williams, 1959) کاردانەوەی هەیە. ئەم چەمکە تێۆرییە بە هۆی توانای لە شرۆڤەی چالاکی، بریاردان و خۆجێاکردنەوە، لە ناو یان دەرەوەی گروپ و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، لە بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەوە، وەک لایەنێکی بنەڕەتی چاوی لێدەکرێت .(Tajfel &Turner,1979)

بناغەی خۆوێناکردن تێگەیشتنە. لە چاخی زانیاریی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، تێگەیشتن تا ڕادەیکی زۆر لە ژێر کاریگەری سیستمی بەڕێوەبردن و بەردەستخستنی زانیاری و سەرچاوەکاندایە (وەک بوارگەلی زانست و هونەر، ڕامیاری، ئابووری، پیشەسازی، تەندروستی، گەشتیاری، شارستانییەت، هتد.) ئەمرۆکە سیستمە زانیارییە ئەلکترۆنییەکان بونەتە ڕێگەی هاوبەشکردنی زانیاری[3]، هەڵس و کەوت و بەشداری کۆمەڵایەتی و لە سەر خۆوێناکردنی تاک و کۆمەڵگا کاریگەریان هەیە(Muldoon, O'Donnell, & Minescu, 2017).

سەرەرای گرنگی ڕۆڵی ژێرخانەکانی زانیاری ئەلکترۆنی لە سەر گەشەی زانست و شوناسی نیشتمانی، لە هەرێمی کوردستان, نازانین ئەم سیستمانە بە گشتی و خزمەتگوزاری زانیاری ئەلکترۆنی ناوەندە کولتوورییەکان بە تایبەتی، کاردانەویان لە سەر شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵگای کورد چییە؟ بە پێی گەڕان لە ئینتەرنێت بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت فەیسبووک، چالاکن و کەمتر ماڵپەڕ[4] یا زانۆکەدانی[5] تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمە لە حاڵێکدایە وڵاتانی پێشکەوتوو زانیاری و سەرچاوەی زانستی گرنگ لە ڕێگەی ماڵپەڕ و زانۆکەدانەوە بڵاودەکەنەوە. تائێستا لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە کاردانەوەی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی لە سەر شوناس لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان نەکراوە[6]. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەپێشا تێۆرییەکان بپشکنین. بەم بۆنەوە ئەم

[1] . social interactivities
[2] . Cultural Contexts
[3] . Information Sharing
[4]. Website
[5] . Database
[6] . برێک کار کراوە بەڵام پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە. وەک (Aghapouri, 2019)

لێکۆڵینەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی شیکارانەی سەرچاوە پێشووەکانەوە، بە دوای ئەوەیە بزانێ چوارچێوە تیۆرییەکان چۆن پەیوەندی نێوان سیستمە ئەلکترۆنییەکان و شوناسی نیشتمانی باس دەکەن؟ بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی شیکاری سەرچاوە زانستییەکانەوە، هەوڵ دراوە بە پشت بەستن بە ئەو تیۆرییانەی باسی پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتمانی، سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و ڕێکخراوە کولتوورییەکان دەکەن، وەڵامی چەند پرسیاری توێژینەوەکە بدرێتەوە. نووسەر لە کۆتاییدا هەندی خاڵ بۆ جێبەجێکردنی سیستمی زانیاریی ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان پێشنیار دەکات.

### ٣- کێشەی لێکۆڵینەوە (بۆشایی زانستی)

شوناسی نیشتمانی بریتییە لە هەست و جۆری مانا کردنی پەیوەندی کەسێک لەگەڵ هاونیشتمانییەکانی. ئەم هەستە ئەو تایبەتمەندیی، بەها، داب و نەریت، مێژوو، زمان، کولتوور، چالاکی و هێما هاوبەشانە لە خۆدەگرێ کە دەبنە هۆی یەکگرتنی بەشێک لە خەڵک لە ژێر شوناسێکی هاوبەشدا (Mandler, 2006). بەشەگرنگەکانی شوناسی نەتەوەیی بریتین لە:

1. **لایەنە کولتوورییەکان:** داب و نەریت (وەک شێوازی ئامادەبوون لە مەراسمی شایی و شیوەن)، جل و بەرگ (وەک ئەو جۆرە جلانەی بۆ هەر بۆنە یان کارێک دەپۆشن)، زمان (وەک کەرەستەی پەیوەندی یان زانست و تەکنەلۆجیا)، و خوراکی تایبەت (وەک ئە جۆرە خۆراکانەی تایبەتە بە ناوچەیەک یان نەتەوەیەکە).
2. **شوێنکاتە مێژووییەکان**: ئەو بیرەوەرییە گشتی و ڕووداوە مێژووییانەی کە شوناسی نەتەوەیەک پێک دێنن (وەک ڕاپەڕین دژ بە دیکتاتۆرەکان، شوێنەوارە مێژووییەکان و هتد).
3. **شوناسی ڕامیاری**: پەیوەندی تاکەکەسەکان لە گەڵ حکومەت و ڕێکخراوە سیاسییەکان (وەک بەشداری لە حیزبەکان، خەبات لە دژی داگیرکەران و هتد).
4. **هێماکان**: ئاڵا، سروود، ناوە مێژوویی و کەسایەتییەکان و ئەو نواندن و هێما گشتییانەی کە دەبنە هۆی شانازی و یەکگرتویی نەتەوەیەک.
5. **پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**: هەستی یەکگرتویی و ئەندامێتی لە نێو هاو وڵاتیان (وەک ئەندامانی ئەنجومەنێک یان ڕێکخراوەیەک).

شوناسی نیشتمانی چەندلایەن و چەند توێیە و بەردەوام لە ژێر کاریگەری جم و جۆڵی کۆمەڵگەکاندایە (Parekh, 1995). وەک بە جیهانی کردن، کۆچ، ئاڵ و گۆڕی کولتووری و پەیوەندییەکان. ئەوەی لە سەر هەست و جۆری ماناکردنی کەسەکان کاردانەوەی هەیە تێگەیشتن و ڕاڤەی مرۆڤە لەسەر چالاکییەکان. خودی ئەم تێگەیشتن و ماناکردنە لەژێر کاریگەری ئەو پەیام، زانۆکە[1] و زانیارییانەدایە کە لە کاتی پەیوەندیدا لە نێوان لایەنەکاندا ئاڵ و گۆڕ دەبێت. واتە ناوەڕۆک و ئاکامی پەیوەندییەکانە لە سەر هەست و تێگەیشتنی خەڵک کاردەکات و هانیان دەدات چالاکی بکەن یان نە.

بە پێشکەوتن و گشتگیری تەکنەلۆجیای زانیاری لە چاخی زانیاری و سەدەی بیست و یەکدا بەشێکی زۆر لە پەیوەندیی و کارەکان (وەک ئابووری و بازرگانی، تەندروستی، خزمەتگوزای و کار و باری ئیداری، پەروەردە و ڕاهێنان، لیکۆڵینەوە،

[1] . data

هەواڵ و ئاگاداری، و هتد) لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە ئەلکترۆنییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. هەر بۆیە شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی کەوتووەتە ژێر کاریگەری سیستەم، پلاتفۆرم و زانۆکەدانی ئەلکترۆنیشەوە. ئەمڕۆکە بە گەڕان لە زانۆکەدانەکاندا دەبینین بەشێکی زۆر و سەرنج ڕاکێش لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە ڕۆڵی سیستەمە ئەلکترۆنییەکان لە سەر شوناس تەرخان کراوە و لەو بوارەدا کتێب و وتاری زانستی بڵاوکراوەتەوە (Lu & Yu, 2019). پێویستە کوردیش ئەم بوارە وەک بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە سەر شوناس ببینێت و بە وردبینییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە، دەبێ بزانین لەبەردەست بوونی زانیاری دروست، تەواو و لەکاتی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، خولقاندن و داهێنانی کەرەستە یان ڕێکاری نوێ و هەروەها بڕیاردانی کەم هەڵە لە هەموو بوارێکدا بەردی بناغەیە. هەروەها نواندن و ڕادەستکردنی زانۆکە و زانیاری سەبارەت بە چالاکی و دەستکردی کولتووری دەبێتە هاندەر بۆ بەشداری زۆرتر و بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییەکان. بە واتایەکی تر گەشە، پێشکەوتن، ئاسایش و چێژوەرگرتنی کۆمەڵگە لە هەموو بوارێکدا لەگەڵ بەکارهێنانی زانیاری و زانستدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. لەبەر ئەمەشە کۆمەڵگەکان بۆ سووڕی زانیاری و زانست چەند پێکهاتەیان بەدی هێناوە. وەک ڕێکخراوە هونەرییەکان، ئەکادیمییەکانی زمان، وەشانگەکان، کتێبخانە، مووزەخانە و ناوەندە کولتوورییەکان[1]، بۆ ئەوەی وەک شوێنی کۆکردنەوە، پاراستن، ڕێکخستن (پێرست کردن و پۆلێنکردن) و بەردەست خستنی سەرچاوە زانیارییەکان ئاسانکاری بکەن، و ڕێنوێنی و یارمەتی بدەن بە کۆمەڵگا.

لە لایەکی تریشەوە، چالاکی پەروەردە، ڕاهێنان و فێرکاری بەبێ سەرچاوە و ناوەرۆکی زانستی و سەردەمیانە سەقەتە. کەواتە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەبێ کتێبخانە و ئەرشیڤی سەردەمیانە و لێهاتوو دابین بکەن بۆ ئەوەی ناوەرۆکی زانستی ڕادەستی بەردەنگەکان[2] (وەک ماموستا، قوتابی، خوێندکار و فێرخواز، و لێکۆڵەران) بکەن. هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ هاندانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا و پتەوکردنی جم و جۆڵی ڕۆشنبیری پێویستە هەم بەرهەمی بیرمەندان بە خەڵک بناسێنی و هەم بیان پارێزی بۆ نەوەی داهاتوو. ئەم سێ وەزارەتە دەبێ لە ڕێگەی کتێبخانە، ئەرشیڤ و مووزەخانە سەرچاوە زانیارییەکان بخەنە بەردەست و ببنە هۆی چالاکی پەروەردە، لێکۆڵینەوە و ڕۆشنبیری و شوناسی نیشتمانی (Idris, Hassan, Ya’acob, Gill, & Awal, 2012).

بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی تر، پێکهاتە کولتووری- زانستییەکان بەردەوام لەو تەکنەلوجیانە کەڵکیان وەرگرتووە وا لە جێبەجێکردنی ئەرک و چالاکیدا ئاسانکاریان بۆ دەکات و زۆرترین خزمەت بە بەردەنگ دەگەیێنێت. هەر بۆیە کتێبخانە، ئەرشیڤ، مووزەخانە و ناوەندە کولتوورییەکان لەو پێکهاتانەن وا لە سەرەتای پەیدابوونی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە بەکاریان هێناوە. ئێستە دەبینین هەموو ئەو ناوەندانە بەشێکی زۆری خزمەتەکانیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە جێبەجێ دەکەن. کەواتە بەشێکی زۆری پەیوەندی خەڵک لە گەڵ ناوەندە کولتوورییەکاندا لە ڕێگەی سیستەمە ئەلکترۆنییەکانەوەیە. هەر بۆیە لە سەر هەست و تێگەیشتن و چالاکی بەردەنگەکان کاریگەریان هەیە (Coombes, 2019; McLean, 1998).

1. بۆ نموونە بڕوانە وڵاتی ئینگلیس چەند جۆر ڕیکخراوەی لەو بوارەدا چالاکە وەک: The British Museum, English Heritage, The Arts Council England, The Tate, The National Trust, British Council, The Royal Society of Literature

2. Audiences

sjh@univsul.edu.iq

هەرێمی کوردستانیش وەک سیستمێکی حکومی و گەلێکی سەربەخۆ کە خاوەنی زمان و کولتووری جیاواز، جۆرا و جۆر و تایبەت بە خۆیەتی، لە ساڵی ۲۰۰۳ زاینی و پێشتریشەوە چالاکی زانستی و کولتووری دەکات و لە بواری ڕۆشنبیری، کولتووری، پەروەردە و فێرکاری، زانست و لێکۆڵینەوەدا خاوەنی بڕیارە. هەروەها دەرفەتی کەڵکوەرگرتنی لە تەکنەلۆجییەکانی زانیاری بە ئاسانی بۆ ڕەخساوە و ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگە ئینتەرنێت بەکار دەبەن. واتە دەرفەتی دانانی ژێرخانەکانی سیستمە زانیارییە ئەلکترۆنییەکانی لە بواری یاسایی و ئاسانکاری و کردارییەوە هەیە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی لە بوارە جیاوازەکاندا، وەک پێویست لە بەردەستە؟ ئەزموونی نووسەر وەک چاو پێکەوتن لە نزیکەوە یان گەڕان لە ئینتەرنێت پیشان دەدات بار و دۆخی سیستمی ئەلکترۆنی زانیاری لە ئاستێکی باشدا نییە. کتێبخانە گشتییەکان، کتێبخانەی ئەوقاف، ناوەندە کولتوورییەکان هیچیان سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی پێشکەوتوویان دانەمەزراندوە. زانکۆکان ماڵپەڕیان هەیە، بەڵام بەشی کتێبخانەیان یا نییە، یا زۆر لاوازە. تەنیا ناوەندی بنکەی ژین وەک ناوەندێکی بەڵگەنامەیی پێرستی کتێبەکانی بە ئەلکترۆنی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دانراوە چەند زانکۆیەکی بیانیش کتێبخانەیان ڕادەست کردووە. ئەمە نیشان دەدات کە هێشتا لە قۆناغی تێگەیشتن لە گرنگی ئەم جۆرەکارانەداین.

کەواتە ناتوانین لەوە بکۆڵینەوە "ئەم سیستمانە چ کاریگەریەکیان لە سەر شوناسی نەتەوەیی کەسەکان هەیە؟" لەوانەیە ئێستا ئەم پرسیارە گرنگ بێت "ئامادە نەبوونی دیجیتاڵی ناوەندە کولتوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرابەر هەژموونی جیهانی دیجیتاڵ و کولتووری بێگانە چ خەسارێکە بۆ شوناسی نیشتمانی؟" دوای گەڕان بۆ سەرچاوەکان، دەرکەوت نەک لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە نەکراوە، بەڵکۆ بە زمانی کوردی هێچ بنەمایەکی تیۆری باس نەکراوە یان نازانین چی کراوە. بۆیە پێویستە سەرەتا چاوێک بگێڕین بە سەر بنەما تیۆرییەکانی پەیوەندی نێوان سیستمە زانیارییە ئەلکترۆنییەکان و شوناسی نەتەوەییدا. سوودەکانی چوارچێوەی تیۆری چەند لایەنەیە: ۱) تیۆری چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە دیاردە ئاڵۆزەکان پێشیار دەکات، ۲) دەرفەتی پێش بینی ڕووداوەکانی داهاتوو بە پێی زانستی بەردەست دەرەخسێنی، ۳) ڕینوێنە بۆ دانانی گرێمانە و پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکان، ٤) لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان بوارە جۆراوجۆرەکانەوە زانست یەکپارچە دەکات، ٥) لەسەر گوازتنەوەی زانست بۆ کردەوە کاریگەری هەیە، ٦) بۆ کونجکۆڵی زۆرتر سەبارەت بە دیاردەکان مرۆڤ هان دەدات، و ۷) شوێنکاتی کۆمەڵایەتی دیاردەکان لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی کردەوەی مرۆڤەکان و چالاکی کۆمەڵایەتییەوە تەفسیر و شەرح دەکات .(Van Ryn & Heaney, 1992)

**٤- پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە**

لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی تیۆری لە بواری پەیوەندی جیهانی ئەلکترۆنی و شوناسی نیشتمانیدا بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا گەڕاین:

1. ئەو بنەما تیۆریانەی سەرچاوەکان لەم بوارەدا باسیان کردووە کامەن؟
2. پێکهاتە چەمکییەکانی[1] تیۆرییەکان کامەن؟

[1] . conceptual constructions

3. بۆ پەیوەندی نێوان پێکهاتە چەمکییەکان، مۆدێلی تێۆری گشتگیر[1] و هەمەلایەنە چۆنە؟
4. پەیوەندی نێوان سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و شوناس لە مۆدێلی گشتگیری نوێدا چۆن پێناسە دەکرێ؟
5. بۆ پتەو کردنی شوناسی نیشتمانی لە ڕێگەی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنییەوە چ پێشنیارگەلێک گونجاوە؟

## ٥- مێتۆدی لیکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوە بەڕێبازی چۆنێتی[2] و مێتۆدی شیکاری سەرچاوە[3] زانستییەکان دەچێتە پێش. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا دەستەواژە پەیوەندیدارەکان دەسنیشان کران، پاشان زانۆکەدانی وتار و کتێب گەڕاین، دوای ئەوە، ئاکامەکانی گەڕان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی پوختەی وتار و پێشەکی کتێبەکانەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەی پەیوەندیدار جیاکرانەوە. لەم قۆناغەدا پێوەری گرنگ بەکارهێنانی چوارچێوەی تێۆری و شرۆڤەی پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتمانی و سیستمی ئەلکترۆنی و هەروەها باسکردنی ڕێکخراوە کولتوورییەکان بو. ئاکامی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن بو بە چوار وتار و دوو کتێب کە لە بەشی دەسکەوتەکاندا شەرحیان دەکەین.

## ٦- دەستکەوتەکان (شیکاری سەرچاوەکان)

### ٦-١ باسی تێۆرییەکان

ئێلیزا بێرتینۆ و کەنجی تاکاهاشی لە ساڵی ٢٠١١ ز. دا کتێبێکیان بە ناوی "بەڕێوەبردنی شوناس: چەمک، تەکنەلۆجیا و سیستمەکان"[4] بڵاو کردەوە. ئەوان بە کەڵک وەرگرتن چەند تێۆریی لە نێوان شوناس و سیستمە ئەلکترۆنییەکاندا پەیوەندییان پێک هێناوە:

1. **تێۆری شوناسی کۆمەڵایەتی**[5]: ئەم تێۆرییە لە لایەن هێنری تاجفێڵ و جۆن تێرنێر[6]ەوە دانراوە. ئەم تێۆرییە باس لەوە دەکات کەسەکان خویان لە ئەندامێتی گروپەکاندا پێناسە دەکەن (بۆ نمونە، ڕەگەز، نژاد، پیشە). ئەم تێۆرییە لە چۆنێتی کاردانەوەی گروپ لە سەر شوناسی کەسەکان و کرداری گروپەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم نووسەرانە لە سەر ئەو بڕوایەن تێگەیشتن لە میکانیزمی ئەم تێۆرییە بۆ دیزاینی سیستمی بەڕێوەبردنی شوناس گرنگە. بە پێی ئەم تێۆرییە، ڕێکخراوەکان دەبێ خزمەتگوزارییەکان، جۆرێک بە شوناسی بەکارهێنەرانەوە ببەستنەوە و لە بەشداری و چالاکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەران، لە ڕێگەی سیستمە ئەلکترۆنییەکانەوە دڵنیا بن. هەروەها سیستمە ئەلکترۆنییەکان دەبێ لە دیزاین کردندا چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ بەکارهێنەران بڕەخسێنن.

---

[1]. Comprehensive Model
[2]. Qualitative approach
[3]. Resource analytical method
[4]. Elisa Bertino & Kenji Takahashi (2011) Identity Management Concepts, Technologies, and Systems. Artech House, London
[5]. Social Identity Theory
[6]. Henri Tajfel and John Turner

2. **تیۆری پێکهاتنی شوناس**[1]: ئەم تیۆرییە باس لە چۆنێتی پێکهاتن و ئاڵ و گۆری شوناس لە ڕێگەی چالاکی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە[2] دەکات. جەخت لەوە دەکاتەوە شوناس شتێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەردەوام لە پێکهاتن و دووبارە پێکهاتنەوە دایە. بێرتینۆ و تاکاهاشی جەخت لە گرنگی ئاگاداری و بیرهێنانەوەی سرۆشتی بگۆری شوناس لە کاتی کار بۆ ئیدارەی شوناس دەکەنەوە. دەڵێن دەبێ سیستمی بەڕیوەبردنی شوناس، بە پێی تێپەڕاندنی زەمەن، ئیزنی بەرۆژکردن و چاکسازی چالاکانەی هێماکانی شوناس بۆ بەکارهێنەران بڕەخسێنی. کەواتە سیستمە ئەلکترۆنییەکان دەبێ جۆرێک دیزاین بکرێن ئیزنی بەرۆژکردنی ئەو پرۆفایل، زانۆکە و زانیارییانە کە شوناسی بەکارهێنەران دەنوێنن، بدەن. کەواتە تایبەتمەندی بەهێزکردنی بەکارهێنەران و گونجاو بوونی[3] سیستمی بەڕێوەبردنی شوناس زۆر گرنگە.
3. **تیۆری ڕۆڵ**: ئەم تیۆرییە باس لە جێبەجێکردنی ڕۆل لە لایەن کەسەکانەوە دەکات، بە پێی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا. ئەم ڕۆڵانە بە پێی شوێنکات (وەک پیشەکان، شوناسی کەسایەتی، هتد.) جیاوازن. ئەم کتێبە باس لەوە دەکات چۆن تێگەیشتن لە ڕۆڵەکان دەتوانێت بە پێی ڕۆڵی بەکارهێنەران لە ڕێکخراوەدا، لە ڕێگەی ڕادەستکرندی پێکهێنان و سوودمەندییەکانەوە[4]، ئاستی ئیدارە و بەڕێوە بردنی شوناس بەرز بکاتەوە. واتە لە سەر کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە پێی ڕۆڵ[5] لە سیستمە زانیارییە ئەلکترۆنییەکان جەخت دەکاتەوە. ئەم تیۆرییە لە سەر دیزاینی چۆنێتی ڕادەستکردنی توانای ئیشکردن و کۆنترۆڵی کاری بەکارهێنەران بە پێی ڕۆڵەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی باری ئەمنی سیستم و لە هەمانکاتدا بەرزکردنەوەی ئاستی بەکار هێنانی سیستم لە لایەن بەکارهێنەرانەوە داکۆکی دەکات.
4. **تیۆری سیستمە زانیارییەکان**[6]: ئەم تیۆرییە چوارچێویەکی بەربڵاو باس دەکات کە دیزاین، بەکارهێنان، ئیدارەکردن و کاریگەری سیستمە زانیارییەکان لە سەر ڕێکخراوە و کۆمەڵگا لە خۆ دەگرێت. نووسەران باس لەوە دەکەن سیستمی بەڕێوەبردنی شوناس بەشێکە لە هەر سیستمێکی زانیاریی. باس لەوە دەکەن پێویستە سیستمی بەڕێوەبردنی شوناس دەقیق بێت و ڕادەستکردنی ئەمن و یەکپارچەیی زانۆکە، و نیگەرانییەکانی پاراستنی حەریمی[7] کەسەکان دابین بکات. نووسەران لە ساڵی ٢٠١١دا دڵنیان لەوەی تەکنەلۆجیاکانی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی بە باشی ئەو پێداویستییانە (ڕەسەنایەتی بەکارهێنەر[8]، ئیدارەی زانۆکەکانی شوناس، و پاراستنی حەریمی بەکارهێنەران بە پێی یاسای حەریمی کەسەکان) دابین دەکەن.

1 . Identity Construction Theories
2 . Social Norms
3 . flexibility
4 . privileges
5 . role-based access control (RBAC)
6 . Information systems Theory
7 . privacy concerns
8 . user authentication

5. **تیۆری شوناسی هەڵس و کەوت**[1]: ئەم تیۆرییە دەڵێ شوناس لە ژێر کاریگەری کردەوە، ئەزمون و هەڵس و کەوتی تاکدایە. لە سەر ڕۆڵی کرداری تاک لە پێکهێنانی شوناس داکۆکی دەکات. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەری تێکەڵبوونی کەسەکان بە پێی ئەو شوناسە کردارییانەیان و لە ئارەزوی هاوبەشکردنی زانۆکەکان یان بەکارهێنانی تایبەتمەنییەکانی تایبەتی سیستمی زانیاری سەرچاوە دەگرێت، لە سیستمی بەڕێوە بردنی شوناسدا باس دەکات. هەر بۆیە پێشنیار دەکات پێش دیزاینی سیستمی ئەلکترۆنی بەڕیوەبردنی شوناس، بۆ ڕەچاوکردنی کلێشەی بەکارهێنانی شوناس، شیکاری کرداری بەکارهێنەران جێبەجێ بکرێت تا ئاستی پاراستنی مافی بەکارهێنەر و ئیزنی بەکارهێنانی سیستم بە پێی دڵخوازی بەکارهێنەر[2] بەرز بێت.

6. **تیۆرییەکانی متمانە و پاراستنی مافی بەکارهێنەران**[3]: لە پەیوەندی نێوان حەریم، شوناس و متمانەی بەکارهێنەر دەکۆڵێتەوە و پێشنیار دەکات متمانە بۆ ئیدارەی شوناس بە شێوەی کارامە، بنەڕەتییە. واتە هەرچی بەکارهێنەران ئاستی متمانەیان بە سیستم لە سەرەوە بێت و زۆرتر حەز بە بەشداری بکەن، زۆرتر بە سیستمی شوناسەوە خۆ ماندوو دەکەن. هەر بۆیە کاتی دیزاین کردنی سیستمی ئەلکترۆنی ئیدارەی شوناس، دەبێ پاراستنی مافی بەکارهێنەران و پاراستنی زانۆکەکان ڕوون بێت و لە تاقیکردنەوەکانی ئەم بوارە سەرکەوتوو بێت.

نووسەران لەم کتێبەدا تیۆری بوارگەلی جیاواز وەک، دەروونناسی،کۆمەڵناسی، تەکنەلۆجیا و ئیدارەی شوناسیان بە یەکەوە دوورانووە تا بیسەلمێنن تێگەیشتن لە ئەم بوارانە بۆ خۆلقاندن و دامەزراندنی سیستمەکانی بەڕیوەبردنی شوناس بە جۆرێک کە وێڕای کارامەیی بەدڵی بەکارهێنەر[4] بێت، بنەڕەتییە. ئەم جۆرە یەکپارچە کردنە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی سیستمی بەڕیوەبردنی شوناس وێڕای دیزاین بە پێی تیۆرییەکان، بۆ جیهانی واقعی بەکار هێنەران حیسابی کردووە.

ڕۆب کاڤەر لە ساڵی ٢٠٢٣ دا کتێبێکی بە ناوی " شوناس و پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان: چەمکەکان، تیۆرییەکان و ئەزموونەکان"5 نووسیوە.بە بڕوای ئەو لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم تیۆرییانەوە دەتوانین پەیوەندی نێوان پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان و شوناس ڕوون بکەینەوە:

1. **تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی**6: ئەم تیۆرییە کە لە لایەن هێنری تاژفێڵ و جۆن تێرنێر7ەوە دانراوە باس لەوە دەکا کەسەکان بۆ ئەوەی شوناسی خۆیان و پەیوەندییەکانیان تۆخ تر بکەنەوە، حەزیان لە جوێکردن و دەستەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگایە. لە جیهانی دیجیتاڵی دا شوناسی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دانانی کۆرە ئۆنلاینەکانەوە کە لە ناویاندا پەیوەندیکردن بە گروپەوە پشتیوانی لێ دەکرێ و بەهای پێ دەدرێت، خۆ دەنوێنێت. ئەم تیۆرییە چۆنێتی

[1] . interactive identity theory
[2] . security and personalization
[3] . Privacy and trust theory
[4] . user-friendly
5 . Rob Cover (2023)"Identity and Digital Communication: Concepts, Theories, Practices. Routledge (Taylor & Francis Group)
6 . Social Identity Theory
7 . Henri Tajfel and John Turner

وەرگرتن و خۆگونجاندنی شوناس لە لایەن کەسەکانەوە، بە پێی شوێنکاتی گروپ وەک کولتووری، قەومی یان ئەو گروپانەی مەبەست و دڵخوازی هاوبەشیان هەیە، ڕوون دەکاتەوە.

2. **تیۆری پەیوەندیی گروپە هاو کولتوورەکان**[1]**:** مارک ئۆرب[2] دانەری ئەم تیۆرییە لە سەر چۆنێتی پەیوەندی گرتنی گروپە بچکۆلە و لاوەکییەکان بۆ بەدیهێنانی شوێنکاتێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر قسە دەکات. ئەم تیۆرییە لە سەر ئەزموون و شێوازی پەیوەندی ناوازەی ئەم گروپانە لەکاتی نواندنی شوناسیان لە دونیای دیجیتاڵدا داکۆکی دەکات. پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەتوانن وەک شوێنگەلێک بۆ سەرهەڵدانی شوناسی هاوکولتوورەکان، کە ئیزن و دەرفەت پەیدا دەکەن بۆ دەربڕینی دەنگ و ڕوانگەی جۆراجۆر بە مەبەستی پرسیار و ڕەخنە لە دیسکۆرسی باڵادەست، بە کار بێت.

3. **تیۆری خۆناساندن**[3]: بە پێی کارەکانی ئێرڤین گافمەن[4]، ئەم تیۆرییە لە سەر چۆنێتی ئیدارە و کۆنترۆڵی کەسەکان لەسەر شوناسەکانی خۆیان لە کاتی هەڵس و کەوت و پەیوەندییەکانیان، بە تایبەت لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا دەکۆڵێتەوە. خەڵک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو شتانەی لە خۆیان بڵاوی دەکەنەوە و ئەو شوێن و گروپانەی زانیارییان لەگەڵ هاوبەش دەکەن، زۆرتر هەوڵ دەدەن ڕووە جوان و نموونەییەکەی خۆیان لە ڕێگەی دیجیتاڵەوە برازێننەوە. ئەم هێزی هەڵبژاردنە لە شێوازی خۆناساندن لە دونیای دیجیتاڵیدا لەسەر چۆنێتی خۆ وێناکردنی تاکەکەسەکان لە لایەن خۆیانەوە و وێناکردنیان لە لایەن کەسانی ترەوە کاردانەوەی هەیە.

4. **کۆمەڵگەی تۆڕی دیجیتاڵ**[5]: ئەم چەمکە لە لایەن دانا بۆید[6]ەوە بەوردی باسکراوە. کۆمەڵگەی تۆرە دیجیتاڵییەکان ئاماژە بەو ڕێکارانە دەکات کە پەیوەندی دیجیتاڵی ئەو شوێنە گشتییە نوێگەلە دەخوڵقێنی و جیهانی تاک و کۆمەڵگا تێکەڵدەکات. لە کۆمەڵگەی تۆڕیدا بەکارهێنەران لەگەڵ ڕێژەی بەردەنگی زۆرتردا هەڵس و کەوت دەکەن، ئەمەش خۆی هاندەرە بۆ کنەکردن و نواندنی شوناسیان. هەروەها ئەم چەمکە بووەتە هۆی ئاراستە کردنی ئەم پرسیارە کە چۆن حەریمی تایبەت، مانەوە، چۆنێتی هەڵس و کەوتی ئۆنلاین لە سەر پێوان و پێناسەکردنی شوناسی بەکارهێنەران کاردانەوەی هەیە؟

5. **تیۆری پاش شوناس**[7]: ئەم تیۆرییە دەڵێت شوناس وەک ماکێکی شلەمەنی وایە، بە تایبەت لە جیهانی دیجیتاڵدا بەردەوام لە گۆرین دایە و پابەندە بە شوێنکاتەوە. کاتێک کەسەکان بە ئۆنلاین هەڵس و کەوت دەکەن، بە پێی هۆکارگەلی وەک پلاتفۆرم، بەردەنگ و بارو دۆخ، شوناسیان گۆڕانکاری بە خۆوە دەبینێت. ئەم تیۆرییە بە یادەوەری ئاڵۆزی و چەندلایەنە بوونی خودی بەکارهێنەران، وەک مرۆڤ، لە کاتی تێکەڵاو بوون لە شوێنکاتە جۆراوجۆراکاندە، ئەو بۆ چوونە کلاسیکەی کە شوناس بە شتێکی نەگۆر دادەنێت دەباتە ژێر پرسیار.

1 . Co-Cultural Communication Theory
2 . Mark Orbe
3 . Self-Presentation Theory
4 . Erving Goffman
5 . Networked Publics
6 . Danah Boid
7 . Post-Identity Theory

6. **بەڕێوەبردنی کارتێکردن**[1]: ئەم تێۆرییە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕەهەندانەی2 کەسەکان بۆ کارتێکردن لە سەر چۆنێتی وێناکردنیان لە لایەن کەسانی ترەوە، لە جیهانی دیجیتاڵدا دەیگرنە بەر. زۆرتر ئەم ڕەهەندانە لە ڕێگەی ڕازاندنەوەی ناوەڕۆکەوە، هەڵبژاردنی ئەو شتانەی هاوبەشی دەکەن، و هەڵس و کەوتی ستراتیجیانە دابین دەکرێت. ئەم کەرەستە و جیهانە دیجیتاڵیانە بە هۆی کارتێکردن لە سەر پەیوەندییەکان و خۆوێناکردن، لەوانەیە جۆرە کردارێک پەرە پێبدات کە ببێتە هۆی دوڕوویی نێوان خودی ڕاستەقینەو ئەو کەسایەتییەی لە جیهانی ئۆنلاین لە خۆی دروستی کردووە.
7. **پێرفۆرمەنسی شوناس**[3]: ئەم چەمکە لە تێۆری پێرفۆرمەنس وەرگیراوە و شوناس وەک شتێک دەبینێت بەردەوام بۆ نیشاندانی خۆی لە جێبەجێکردندایە. کەسەکان لە ڕێگەی ناردنی ڕا، پۆست کردنی بابەت و هەڵس و کەوتی دوولایەنەوە لە پەیوەندییە دیجیتاڵییەکاندا، شوناسی خۆیان جێبەجێ یان نمایش دەکەن. هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستە جۆراوجۆرەکان بۆ بەهێزکردنی یان گۆڕانکاری نواندنی خۆیان تێدەکۆشن. ئەم تێۆرییە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی چالاکی کەسەکان لە هاوبەشکردنی شوناسی خۆیان لە ڕێگەی هەڵس و کەوتەکانی ڕۆژانەیاندا.
8. **دەروونناسی سایبەری**[4]: ئەم تێۆرییە لە کاردانەوەی دەروونناسانەی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان لە سەر شۆناش دەکۆڵێتەوە. چۆن هەڵس و کەوتە ئۆنلاینەکان لە سەر ورەبەرزی، وێنای جەستەیی، و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی هەیە؟ لەم بوارەدا دەخرێتە بەرباس. ئەم بوارە زانستییە بە دوای هەڵسەنگاندی کاریگەری کرداری ئۆنلاین لە سەر گەشەی شوناس و هەستی بەختەوەری کەسەکان، بە تایبەت لە نێو گەنجان و کۆمەڵگا پەراوێز خراوەکاندایە.

بە گشتی، ڕۆب کاڤەر لە ڕێگەی ئەم تێۆرییانەوە چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆتێگەیشتن لە چۆنێتی پێکهاتنی شوناس، باسکردن و جێبەجێکردنی لە ڕێگەی سیستەمەکانی پەیوەندی دیجیتاڵییەوە دابین دەکات. ئەم تێۆرییانە سروشتی چالاک و بگۆڕی شوناس لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە پێشکەوتنە تەکنەلۆجیاکان و ئاڵ و گۆڕی کولتووریدا زەق دەکەنەوە.

بایبا سپۆران لە ساڵی ٢٠١٣ دا وتارێکی بە ناوی "کەلەپووری کولتووری دیجیتاڵ و ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان لە چوارچێوەی شوناسی نیشتمانیدا: دیسکۆرسێکی فەلسەفی"[5]بڵاوکردەوە. ئەم وتارە باسی پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتمانی، بیرەوەری کۆ[6] و کەلەپووری کولتووری[7] دەکات و ڕۆڵی ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان[8]، بە تایبەت کتێبخانە و ئەرشیڤەکان لە چاخی دیجیتاڵی دەکات. بایبا لە ڕێگەی چوارچێوەی فەلسەفی پۆست مۆدێرنەوە لەسەرگرنگی ڕۆڵی دیجیتاڵ کردن لە

1 . Impression Management
2 . strategies
3 . Identity Performance
4 . Cyberpsychology
5 . Baiba Sporāne (2013) Digital Cultural Heritage And Memory Institutions Within The Structure Of National Identity: Philosophical Discour. Przegląd Biblioteczny 2013 Z. 4 Pl Issn 0033-202x
6 . Collective Memory
7 . Cultural Heritage
8 . Memory institutions

پاراستنی کەلەپووری کولتووری و پتەوکردنی شوناسی نیشتمانی داکۆکی دەکات. ئەم نووسەرە بە پێشنیارکردنی مۆدێلێکی تێۆری پەیوەندی لە نێوان شوناسی نیشتمانی، کەلەپووری کولتووری، بیرەوەری کۆ، ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان و سیستمە ئەلکترۆنییەکان ڕووندەکاتەوە. بایبا بەم شێوەیە باسی پەیوەندی نێوان پۆست مۆدێرن لە گەڵ شوناسی نیشتمانی و کەلەپووری کولتووری دەکات:

1. **پارچەپارچەیی و ڕووکاری**[1]: لە چوارچیوەی پۆست مۆدێرندا کەلەپووری کولتووری وەک بەر و بوومێکی مەسرەفی پارچەپارچە و ڕووکار دەبینرێت، نەک یەکپارچە و زۆر قوڵ. ئەمە بەو مانایە کە شوناس لە سەر تێگەیشتنی قوڵ لە کەلەپووری کولتووری پێک نایەت، بەڵکو ئەو زانیارییانە کە خێرا خێرا دەکەوێتە بەردەست کۆمەڵگایەکی بەکارهێنەر و بۆ بەکارهێنان دەشێ، کاری تێدەکات.
2. **ئامادەبوونی دیجیتاڵ**[2]: هەست بە هەبوونی کەلەپووری کولتووری پابەندە بە ئامادەبوونی لە دنیای دیجیتاڵیدا. واتە نەبوون و بەکارنەهێنانی کەلەپووری کولتووری لە شكڵ و فۆرماتی دیجیتاڵیدا لای خەڵکی، بە مانای نەبوونیانە. ئەمە تیشک دەخاتە سەر گرنگی ڕێکخراوە بیرەوەریەکان (وەک کتێبخانە و ئەرشیڤ) لە پاراستن و بەردەستخستنی کەلەپووری کولتووری، کە ئەویش لە شوناسی نیشتمانی پشتیوانی دەکات.
3. **بیرەوەری کۆ**: نووسەر لە سەر ڕۆڵی بیرەوەری کۆ لە پێکهێنانی شوناسی نیشتمانی جەخت دەکاتەوە. بە پێی چوارچێوەی تێۆری پۆست مۆدێرن، شوناس لە ڕێگەی ئەزموونە هاوبەشەکان و ئەو سەرچاوانەی لە ڕێگەی بیرەوەری ڕێکخراوەکانەوە سەبارەت بە بوارە جۆراوجۆرەکانی کەلەپووری کولتووری (بە شێوەی چاپ یان دیجیتاڵ) کۆکراونەتەوە، پێک دێت.
4. **چواچیوەی فەلسەفی**: بە پێی چوارچیوەی فەلسەفی پۆست مۆدێرن بیرەوەری ڕێکخراوەکان بۆ بزواندنی هەستی شوناسی نیشتمانی لە سەردەمی دیجیتاڵدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە.
5. **یەکگرتویی و بەها**[3]: هەروەها پۆست مۆدێرن باس لە مەیلی کەسەکان بۆ یەکگرتن دەکات، بە مەرجێک چالاکی هاوبەش و ئەندامێتی لە ڕێکخراوە بەهای پێ دەدرێت. ئەم پێکهاتنە بەردەوام لە کەلەپووری کولتووری پارێزراو لە ڕێگەی ڕێکخراوە بیرەوەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بە گشتی بایبا دەڵێت پۆست مۆدێرن وەک بناغەی تێۆری بۆ دابینکردنی چوارچێوەی فەلسەفی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە کاردانەوەی دولایەنەی نێوان شوناسی نیشتمانی و کەلەپووری کولتووری، بەتایبەت لە جیهانی دیجیتاڵی و ڕۆڵی ڕێکخراوە بیرەوەرییەکاندا، توانایە.

بۆزکۆرتا و سیۆنگ (٢٠١٦) لە وتارێک بە ناوی "پێکهاتنی شوناسی دیجیتاڵی: نمایش کردنی خودی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگە و تۆڕە دیجیتاڵییەکان"[4] وێرای جەخت لە سەر چەند لایەنە بوونی سروشتی پێکهاتنی شوناسی دیجیتاڵی، بۆ شیکاری بابەتەکە لە چەند تێۆری کەڵکیان وەرگرتووە:

1 .Fragmentation and Superficiality

2 . Digital Presence

3 . Unity and Value

1. **چوارچێوەی تیۆرییەکان (عەدالەتی زانۆکە و مرۆڤناسی دەوڵەت):** ئەم تیۆرییانە لە سەر گرنگی دەنگی ئەوکەسانەی دەکەونە ژێر کاریگەری سیستمە شوناسە دیجیتاڵییەکانەوە، جەخت دەکەنەوە. ئەم چوارچێوە ئاشکرای دەکات بۆچوونی بەکارهێنەران دەتوانیت ناعەدالەتی شاڵاوی دیسکۆرسی لایەنی باڵادەست (دەوڵەت، گروپ یان ڕای گشتی) وەک فیدباک پیشان بدات و دەبێت لە بەرچاو بگیرێن. ئەم ڕەهەندە داکۆکی دەکات: دەبێت ئەزموونی ژیانی واقعی تاکی بەکارهێنەران سەبارەت بە تێگەیشتنیان لە شوناسی دیجیتاڵی تاوتوێ بکرێنەوە.
2. ئەم نووسەرانە لە سەر **سێ بەشی سەرەکی شوناسی دیجیتاڵی** داکۆکی دەکەن کە بریتییە لە یەکەم، خزمەتگوزاری باشتر[1]: سیستمی شوناسی دیجیتاڵی لە ناخێدا بەهێزکردنی گەیاندنی خزمەتەکانە. دووهەم، لە خۆگرتنی چین و گروپە پەراوێزکەوتووەکان[2]: دڵنیایی لەوەی چین و گروپە پەراوێز کەوتووەکان لەم سیستمە کەڵک وەردەگرن. سێهەم، مرۆڤدۆستی باشتر[3]: ڕۆڵی شوناسی دیجیتاڵی بەهێزکردنی هەوڵە مرۆڤدۆستانەکانە.
3. **هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی شوناس:** پێکهاتنی شوناس لەو پرۆسەدا دروست دەبێت کە دەبێتە سنووری ئێمە و ئەوان. ئەم پرۆسە بریتییە لە هاوبەشکردنی ئەزموونەکان و یەکپارچە بوونی تاکەکان لە ژینگەیەکی دیجیتاڵدا. خودی ئەم پێکهاتنە لەگەڵ تیۆری پێکهێنانە[4] کە لەسەر هەڵس و کەوتی نێوان کەسەکان و ڕێکخراوەکان دانراوە.
4. بۆزکۆرتا و سیۆنگ **بۆ هەڵس و کەوت پێنج یاسا دەسنیشان دەکەن** کە داکۆکی لە سەر ئەوە دەکات کە چۆن کۆمەڵگا بە هۆی بەشداربوونی چالاکانەی تاکەکەسەکانەوە دروست دەبێت. ئەم پێنج یاسا بریتییە لە بەشداری چالاکانە، وەڵامدانەوە، بەکارهێنانی زانست، پێکهاتن لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە، و پەیوەندی دوولایەنە[5].
5. **ڕوانگەی شیکاری دەروونناسانە**[6]: ئەم نووسەرانە بە پشت بەستن بە تیۆری شیکاری دەروونناسانە، بە تایبەت چەمکەکانی فرۆید[7] باس لەوە دەکەن کە لەوانەیە لایەنە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە شوناسە دیجیتاڵییەکاندا خۆ بنوێنن. ئەم ڕوانگە باس لەوە دەکات شوناسە دیجیتاڵییەکان لە ژێر کاریگەری هاندەرە دەروونییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان، و ڕاستی کەسایەتی بەکارهێنەران بە شێوازی ئاڵۆز خۆ دەنوێنن.

سیلویا ماسیێرۆ لە گەڵ ساڤیتا بەیلۆر وتارێکیان لە ساڵی ٢٠٢١ ز. بە ناوی "شوناسی دیجیتاڵی بۆ گەشە: هەولێک بۆ عەدالەت و ئەجندایەک بۆ لێکۆڵینەوە"[8] بڵاوکردەوە. ئەم وتارە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری-تەفسیری تایبەت بە وڵاتی

4 . Aras Bozkurta and Chih-Hsiung (2016) Digital identity formation: socially being real and present on digital networks. Educational Media International, Volume 53, 2016 - Issue 3, Pages 153-167

1 . Better services

2 . Inclusion of minorities

3 . Better humanitarianism

4 . theory of structuration

5 . Active Participation, Reflexivity, Use of Knowledge, Social Constructs, Interdependence

6 . Psychoanalytic Perspective

7 . Freud (Id, Ego, and Superego)

8 . Silvia Masiero, Savita Bailur (2021) Digital identity for development: The quest for justice and a research agenda. Information Technology for Development , Volume 27,

گانا[1]وە هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان شوناسی نیشتمانی، شوناسی دیجیتاڵی و گەشەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا ڕوون بکاتەوە. ئەم نووسەرانە لە ڕێگەی عەدالەتی زانۆکە[2]، مرۆڤناسی دەوڵەت[3] و تیۆری چالاکی[4] وەک چوارچێوەی تیۆری شیانکردەوە چۆن سیستەمە دیجیتاڵییە شوناسەکان لە سەر کەسەکان و کۆمەڵگاکان کاریگەرییان هەیە.

سیلویا و ساڤیتا بە نموونە هێنانەوەی سیاسەتی چەند پارچە لە وڵاتی گانا، ئەوەیان باس کردووە کە بووەتە هۆی دانانی سیستمی ئەلکترۆنی جیاواز و جگە لەوەی بە دووپاتکردنەوەی کارەکان تێچوی زۆرتری بە دوای خۆیدا هێناوە، لە سەر شوناسی نیشتمانیش کاردانەوەی خراپی بووە. ئەوان بەو ئاکامە گەیشتوون کە سروشتی کێشەداری سیاسەت و چەند دەستەبوونی حکومەتە لۆکاڵەکانی گانا لە سیستەمە زانیارییە ئەلکترۆنییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم حاڵەتەش لە سەر ئەزموونی بەکارهێنەر کاریگەری هەبووە.

وەک بۆزکۆرتا و سیۆنگ، ئەم لێکۆڵینەوەی سیلویا و ساڤیتاش بەو ئاکامە گەیشتووە پەیوەندی نێوان شوناسی دیجیتاڵی و گەشەی مرۆڤ لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: (خزمەتگوزاری باشتر، لە خۆگرتنی چین و گروپە پەراوێزکەوتووەکان، مرۆڤدۆستی باشتر). بە بڕوای ئەوان، کەم هێنان هەرکام لەم سێ بەشە لە سەر بەشەکانی تریش کاریگەری خراپی هەیە. بۆ نمونە لە لێکۆڵینەوەی مارتین و تەیلۆر[5]دا دابین نەکردنی بەشێک کە چین و گروپەکان لەخۆ بگرێت، دەبێتە هۆی نزم بوونی ئاستی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکانیش.

سیلویا و ساڤیتا بە پشت بەستن بە تیۆری ڕەخنەگرانەی پۆست مۆدێرنی لیۆتارد[6] لەسەر لەدەستدانی متمانە بە گێڕانەوە و دیسکۆرسی باڵادەست و هێزی بەرچاو، داکۆکی دەکەن کە لە وڵاتێکی لیبراڵ دیموکراتدا لەبەرچاوگرتنی پێداویستی چێن و گروپە پەراوێز کەوتووەکان گرنگ و پێویستە. هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان لە ڕێگەی ئیدارەی سەرچاوە دیجیتاڵییەکانەوە بۆ پێکهێنانی شوناسی نیشتمانی و بیرەوەری گشتی ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن.

### ٦-٢ پەیوەندی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و شوناسی نیشتمانی

لە بواری پەیوەندی نێوان سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و شوناسی نیشتمانیدا لە وڵاتانی دیکە لێکۆڵینەوە کراوە. بۆ نموونە هیلۆل[7] و هاوکارانی (2024) لێکۆڵینەوەیەکیان بە ناوی "بەرزکردنەوەی ئاستی شوناسی نیشتمانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستمەوە: پێوانەیەکی ئەمنییەتی سایبێری مرۆڤ لایەن" لە ئۆسترالیا ئەنجام دا. دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە لە سێ خاڵدا کۆدەکرێنەوە. یەکەم، شوناسی دیجیتاڵی نیشتمانی لە ژێر کاریگەری دیزاینی سایبێری هۆکارە مرۆڤ لایەنەکاندەیە، بە تایبەت بیر و باوەڕە کولتوورییەکان. واتە هەرچی ڕواڵەتی بەشی بەکارهێنەرانی سیستمەکان ڕەنگ و بۆی کولتووری و خۆماڵیان پێوە دیار بێت، زۆرتر جێگەی متمانە دەبن و بەکارهێنەران حەزدەکەن کەڵکی لێ وەرگرن. بەم بۆنەوە پێشنیاریان

1 . Ghana
2 . data justice
3 . anthropologies of the state
4 . activity theory
5 . Martin and Taylor
6 . Jean-François Lyotard
7 . Hilowle et al.

کرد باشترە لە دیزاینی سیستمە ئەلکترۆنییەکاندا، سیاسەت و ڕێبازی دام و دەزگاکان لەبەرچاوگرتنی بەها کولتوورییەکان بێت. دووهەم، لێکۆڵینەوەکەیان لە سەر بابەتی متمانەی بەکارهێنەر بە سیستمەکان بەو ئاکامە گەیشت کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە چەندلایەن و ئاڵۆزە و چەند هۆکاری تر وەک ئاستی پەروەردە، لێهاتووی دیجیتاڵی لەسەری کاریگەری هەیە. جا بویە دەبێ لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەو جیاوازییانە لە بەرچاو بگرین. هەر وەها حکومەت و ڕێکخراوەکان دەبێ بۆ ڕاهێنانی بەردەنگەکانیان تێ بکۆشن. سێهەم، ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەی ڕوونکردەوە کە تێگەیشتن و کرداری مرۆڤ ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە سەقامگیری ئەمنیدا هەیە و داکۆکی لە سەر ئەوە کردەوە کە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بە هزر و کردەوە لە سیستمەکان کەڵک وەرگرن دەبێ ئەمنییەتی سیستمەکان بچێتە سەرەوە.

سیستمی ئەلکترۆنی زانیاری کاری کۆکردنەوە، پاشەکەوتکردن و پەرتاوتنی (ئامادەکاری زانۆکە) کانە. ئەم سیستمانە لە ڕێکخستن و ڕادەست کردنی ناوەرۆکە زانستی و زانیاریی سەرچاوەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگیان هەیە. بە هۆی ئەوەی خۆراکی پەیوەندییە زانستییەکان لە ڕێگەی سیستمی ئەلکترۆنییەوە دابین دەکرێت، لە سەر شوناسی نیشتمانی کاریگەرن. بۆ نموونە:

1. لە بورای میدیا و پەیوەندیدا بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکە نەتەوەخوازانەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە بزواندن و گەشەی شوناسی هاوبەش دەگێڕن.
2. لە بواری سانسۆر و پاراستندا ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان بۆ چاودێری و کونترۆڵ کردنی بڵاوەی چیرۆک یان بەسەرهاتی ناتەبا لە گەڵ بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەییدا لە سیستەمی ئەلکترۆنی سوودمەند دەبن.
3. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی، بە دابینکردنی پەیوەندی جیهانی و ئیمکانی هاوبەشکردنی چالاکییە کولتوورییەکانەوە، بە خەڵکانی ناو خۆ و تاراوگە دەرفەت دەدەن بۆ شوناسی نەتەوەیی خۆیان بگەڕن و نمایش و هاوبەشی بکەن.
4. ئەو سیاسەتە گشتییانەی کە دەبنە هۆی یەکگرتن و تەبایی کۆمەڵگا، وەک یاسا و دەستوورەکانی کۆچ یان شاروەندی لە ڕێگەی سیستمەکانی زانیارییەوە بە باشی دابین دەکرێت و ڕادەگەیێندرێت.
5. لە بواری گەشەی بیر و داهێناندا بە کۆکردنەوە، پاشەکەوت، ڕێکخستن و ڕادەستکردنی سەرچاوە زانستییەکان، سیستمەکانی زانیاریی دەورێکی بێهاوتا دەگێڕن.

جگە لەمانە، چەندین هۆکاری تر لە بوارگەلی جۆراوجۆر کاریگەریان دەبێت بۆ ئەوەی جیهانی ئینتەرنێت و سیستمە ئەلکترۆنییەکان وەک ژینگەیەکی پەیوەندی بەردەوامی کۆمەڵگا و کەرەستەیەکی جێبەجێکردنی ئەو ئیش و ئەرکانی پێویستیان بە زانۆکە و زانیاری و زانست هەیە سەرنج بدەین. هەر بۆیە لە هەندێ وڵات باس لە دامەزراندنی نەتەوەخوازی دیجیتاڵی[1] و حکومەتی ئەلکترۆنی[2] دەکەن و بەکردەوە کاریان بۆ کردووە یان لێیان کۆڵیونەتەوە. هەندێک لە وڵاتانیش

1 . Digital Nationalism
2 . Basu, S. (2004). E-government and developing countries: an overview. International Review of Law, Computers & Technology, 18(1), 109-132; Espinosa, V. I., & Pino, A. (2025). E-Government as a development strategy: The case of Estonia. International Journal of Public Administration, 48(2), 86-99.

نەتەوەخوازییان بە هۆی هەژموونی ئەلکترۆنی وڵاتانی دیکەوە لە مەترسیدا دیوە و لێکۆڵینەوەیان لە سەر کردوە[1]. بە واتایەکی تر دەبێ ئاگاداربین پێناسەی شوناسی تاک و کۆمەڵگا بە هۆی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە لە ئاڵ و گۆڕ دایە. دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت دونیای ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە هەندێ لایەنیشەوە کێشە دروست دەکەن. بۆ نموونە: جیهانی بوونی سیستەمە ئەلکترۆنییەکان سنووری وڵاتەکانی تێپەڕاندووە، هێرشی بەرفراوانی کولتووری وڵاتانی تر دەبێتە هۆی کەم بینینی کولتووری خۆماڵی و ناوخۆ.

### ٦-٣ سیستمی زانیاری کولتووری

مەبەست لە سیستمی زانیاری کولتووری ئەو تەکنەلۆجیا و پلاتفۆرمانەیە کە لە کۆکردنەوە، پاشەکەوتکردن، ڕێکخستن، هاوبەشکردن و وەشاندنی زانیاری و زانستی کولتووری پشتیوانی دەکەن. ئەم سیستمانە بریتین لە زانۆکەدان، ئەرشیڤی دیجیتاڵی، سیستمی بەڕێوەبردنی ناوڕۆک، و پلاتفۆرمی میدیا کۆمەڵایەتییەکان کە لە سەر ناوڕۆکی کولتووری وەک زمان، هونەر، میرات و نەریت کاردەکەن. تایبەتمەنی ئەم جۆرە سیستمانە بریتییە لە: نواندن و نیشاندانی زانۆکە[2] (ئەم جۆرە سیستمانە دەسکرد، چالاکی و داب و نەریت هۆنەری و زمانەکان لە ڕێگەی مالتی میدیاکانەوە دەنوێنێت.)؛ ڕادەستکردن[3] (ئامانجی سیستمی زانیاری کولتووری زیادکردنی ڕادەستکردنی ناوەڕۆک، کەرەستە و سەرچاوەی کولتوورییە بۆ بەردەنگە جیاوازەکان وەک لێکۆڵەران، ڕاهێنەران و خەڵک بە گشتی)؛ پاراستن[4] ( ئەم سیستمانە یارمەتی پاراستنی میراتی کولتووری دەدەن، بە تایبەت بۆ ئەو بەشەی کە مەترسی لە ناچوونیان لە سەرە)؛ ئاڵ و گۆڕی بیر و ڕا و چالاکی[5] (تایبەتمەندییەکانی سیستمی زانیاری کولتووری بۆ بەکارهێنەران ئەو دەرفەتە دەرەخسێنی چالاکانە لەگەڵ ناوەرۆکە کولتوورییەکاندا بەشداربن و بەردەوام لێی فێر بن و یارمەتی دەوڵەمەندکردنی بدەن). سیستمی زانیاری کولتووری لەم ڕێگانەوە لەسەر شوناسی نەتەویی کاریگەری هەیە:

1. پاراستنی کەلتوور: لە ڕێگەی تۆمارکردن و پاراستنی میراتی کەلتووری، سیستمی زانیاری کەلتووری یارمەتی دەدات کەلتوور بەردەوام بێت و ئەمە بۆ شوناسی نەتەوەیی پێویستە.
2. نواندن و جۆراوجۆری: سیستمی زانیاری کولتووری جۆرە جیاوازەکانی کولتووری لە نێو نەتەوەیەکدا پیشان دەدا و پەرە دەدات بە تێگەیشتنێکی بەرفراوان لە شوناسی نەتەوەیی کە چەندین ڕوانگەی کولتووری لە خۆ دەگرێت.
3. پەروەردە و ئاگادارکردنەوە: سیستمی زانیاری کولتووری وەک سەرچاوەکانی پەروەردە و ڕاهێنان ئاستی ئاگاداری لە مێژووی کولتووری نیشتمانی بەرز ڕادەگرێت و یارمەتی دەدات هەستی پەیوەندی لە نێوان هاو وڵاتیاندا بچێنرێت.
4. جیهانی بوون و ئاڵ و گۆڕی کولتووری: سیستمی زانیاری کولتووری چالاکی و ئاڵ و گۆڕی کولتووری نێونەتەوەیی ئاسان دەکات و یارمەتی دەدات لە شوێنکاتێکی جیهانیدا شرۆڤەو ڕاڤە بکرێت.

---

1 . Mustopa, S., Sinaga, O., & Sumadinata, W. S. (2024). A New Direction for Nationalism in Indonesia. Journal of Ecohumanism, 3(4), 1292-1302.

2 . Data Representation

3 . Accessibility

4 . Preservation

5 . Interactivity

5. دیسکۆرسی کۆمەڵایەتی و رامیاری: سیستمی زانیاری کولتووری دەتوانێت لە سەر ئەو چیرۆکانەی سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیین، بە تایبەت لەو ساتانەی کێشەو ناکۆکی هەیە یان ئاڵ و گۆڕی لە ئارادایە، کاریگەری هەبێت.

### ٤-٦ رۆڵی رێکخراوە بیرەوەرییەکان لە سەر شوناس

بە بڕوای بابیا سپۆران(2013) رێکخراوە بیرەوەرییەکان لە رێگەی پاراستن و رادەستکردنی کەلەپووری کولتوورییەوە ئەم ئامانجانە دەپێکێت:

1. **ئامانجی پاراستن**: ئامانجی سەرەکیان پاشەکەوت، پاراستنی بەها کولتوورییەکانە. ئەمە بریتییە لە پاراستنی جەستەیی کەرەستە کەلەپوورە کولتوورییەکان بە فۆرماتە جیاوازەکان وەک بەڵگەنامە، فیلم، وێنە و دەنگی تۆمارکراو.
2. **پاشەکەوت و رادەستکردن**: رێکخراوە کولتوورییەکان لە رێگەی پاشەکەوتکردنی کەلەپوورەوە لە رادەستکردنی گشتی دڵنیامان دەکەن. رێکخراوە کولتوورییەکان بە درێژایی مێژوو وێڕای پاراستنی سەرچاوە سەرەکییەکان، لە رێگەی تەکنەلۆجیاوە وەک مایکرۆفیلم تا رادەیەک سەرچاوەکانیان رادەست کردووە.
3. **دیجیتاڵ کردن**[1]: پرۆسەی دیجیتاڵکردن وەک رێگە چارەیەکی نوێ بۆ ئامادەکردن و رادەستکردنی کۆگا[2] کەلەپوورە کولتوورییەکان، بە تایبەت کاتێک بە فۆرمی ئۆنلاین رادەستدەکرێن بەکار دەبرێت. ئەم شێوازە دەبێتە بەرفراوەنکردنی رێژەی بەردەنگەکان و بەکار هێنان.
4. **پشتیوانی شوناسی نیشتمانی**: رێکخراوە بیرەوەرییەکان لە رێگەی دیجیتاڵ کردنی پرۆسەکان و پتەوکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بیرەوەری گشتی، لە گەشەی کولتوور و شوناسی نیشتمانی رۆڵێکی گرنگ دەگێرن. هەروەها لە رێگەی ئیدارە و بەرێوەبردنی سەرچاوە کەلەپوورە کولتوورییەکانەوە رۆلێکی بنەرەتیان لە پاراستنی شوناسی نیشتمانی دا هەیە.
5. **توانا و لێهاتوویی لە ڕوی تەکنەلۆجیاوە**[3]: رێکخراوەکان هان دەدرێن بۆ دڵنیا بوون لەوەی سەرچاوەکانیان لە سیستمی زانیاری یەکگرتوودا جێگیر کردووە، ئاستی لێهاتوویی تەکنەلۆجیای خۆیان لە پاراستنی کەلەپووری کولتووریدا بەرز بکەنەوە.
6. **بەشداری بەکارهێنەر**[4]: رێکخراوە بیرەوەرییەکان ئەرکێکە پێویستی بە تێگەشتن لە بەردەنگ و بەکارهێنەرە. ئەوەی کە کێ سەرچاوەکان بەکار دەبا؟ ئامانجی بەکارهێنانەکان چییە؟ چ بەربەستێک لە رێگایاندایە؟ هەروەها رێکخراوەکان هان دەدرێن بەردەوام بۆ بەشدارکردنی کۆمەڵگا لە گەشەی کۆی سەرچاوە کەلەپوورییە کولتوورییەکاندا بەشدار بن.

1 . digitization
2 . Collection
3 . Technological Competence
4 . User Engagement

7. **هاوکاری و گەشەی ستراتیجی**[1]: ڕێکخراوە کولتوورییەکان شان بە شانی کتێبخانەکان، ئەرشیڤەکان، و مووزەخانەکان بە پێی ڕینمایی پلانی نیشتمانی، بە مەبەستی پاراستن و پتەوکردنی کەلەپووری کولتووری و خزمەتگوزاری دیجیتاڵی باشتر ستراتیجییەکانیان یەکپارچە دەکەن.

بە گشتی ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان بەشێکی بنەڕەتی لە ژینگەی کەلەپووری کولتووری دیجیتاڵین و لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم جۆرە پێکهاتەوە لە کۆکردنەوە، پاراستن و ڕادەست کردنی بابەتییانە و پەیوەند بە شوناسی نیشتمانییەوە دڵنیا دەبینەوە.

### ٧- ئاکامی لێکۆڵینەوە

لێرەدا وەڵامی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە، بە پێی شیکاریی سەرچاوەکان، باس دەکەین.

**پرسیاری یەکەم**: ئەو بنەما تێۆریانەی سەرچاوەکان لەم بوارەدا باسیان کردووە کامەن؟

بە پێی خشتەی١ تێۆرییە باسکراوەکان، ئەو تێۆرییانەی باسمان کرد، بە چەند دەستە دابەش دکەین:

- **لایەنی سروشتی شوناس**: ١) فەلسەفی پۆست مۆدێرن، ٢) تێۆری شوناسی کۆمەڵایەتی، ٣) تێۆری پێکهاتنی شوناس، ٤) تێۆری پاش شوناس
- **لایەنی هەڵس و کەوتی کەسەکان**: ١) تێۆری ڕۆل، ٢) تێۆری هەڵس و کەوت ٣) تێۆری پێرفۆرمەنس، ٤) تێۆری خۆناساندن، ٥) تێۆری بەڕێوەبردنی کارتێکردن،
- **لایەنی ژینگەی دیجیتاڵی**: ١) کۆمەڵگای تۆڕی دیجیتاڵ، ٢) تێۆری متمانە و پاراستنی مافی بەکارهێنەران، ٣) تێۆری دەروونناسی سایبەری، ٤) تێۆری سیستمە زانیارییەکان
- **لایەنی کاریگەی سیاسی**: ١) تێۆری عەداڵەتی زانۆکە، ٢) تێۆری مرۆڤناسی حکومەت، ٣) تێۆری پەیوەندی گروپە هاو کولتوورەکان.
- **لایەنی ڕێکخراوە کولتوورییەکان**: ١) ڕۆڵی بیرەوەری کۆ، ٢) ڕۆڵی ڕێکخراوە کولتوورییەکان

ئەم تێۆرییانە بە باشی هەموو لایەنەکانی دیاردەی شوناسی تاک و کۆمەڵایەتی باس دەکەن. لێکۆڵەران دەتوانن بە تێگەیشتن لەم تێۆرییانە و پشت بەستن بە هەندێک لەوانە، بناغەی لێکۆڵینەوەی زانستی داڕێژن و گریمانە یان پرسیاری لێکۆڵینەوە دەسنیشان بکەن.

[1] . Collaboration and Policy Development

خشتەی ژمارە١.تیۆری و چوارچێوەی هزری بۆ لێکۆڵینەوەی شوناسی دیجیتاڵی

| ڕیز | بنەمای تیۆری | نووسەران |
|---|---|---|
| 1 | تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی | Bertino & Takahashi (2011); Cover (2023) |
| 2 | تیۆری پێکهاتنی شوناس | Bertino & Takahashi, 2011 |
| 3 | تیۆری ڕۆڵ | Bertino & Takahashi, 2011 |
| 4 | تیۆری سیستمە زانیارییەکان | Bertino & Takahashi, 2011 |
| 5 | تیۆری شوناسی هەڵس و کەوت | Bertino & Takahashi (2011); Aras and Chih (2016) |
| 6 | تیۆرییەکانی متمانە و پاراستنی مافی بەکارهێنەران | Bertino & Takahashi, 2011 |
| 7 | تیۆری پەیوەندیی گروپە هاو کولتوورەکان | Cover (2023) |
| 8 | تیۆری خۆناساندن | Cover (2023) |
| 9 | کۆمەڵگای تۆڕی دیجیتاڵ | Cover (2023) |
| 10 | تیۆری پاش شوناس | Cover (2023) |
| 11 | بەڕێوەبردنی کارتێکردن | Cover (2023) |
| 12 | پێرفۆرمەنسی شوناس | Cover (2023) |
| 13 | دەروونناسی سایبەری | Cover (2023); Aras and Chih (2016) |
| 14 | فەلسەفەی پۆست مۆدێرن | Baiba Sporāne (2013) |
| 15 | عەدالەتی زانۆکە و مرۆڤناسی دەوڵەت | Aras and Chih (2016) |
| 16 | تیۆری ڕەخنەگرانەی پۆست مۆدێرنی لیۆتارد | Silvia and Savita (2021) |
| 17 | ڕیکخراوە کولتوورییەکان | Baiba (2013) |

**پرسیاری دووهەم**: پێکهاتە چەمکییەکانی[1] تیۆرییەکان کامەن؟

مەبەست لە پێکهاتەی چەمکی ئەوەیە هەر تیۆری ئەو دیاردەی شرۆڤەی دەکات، بە چەند بەش دابەشی کردووە. ئەو بەشانە پێکهاتەی چەمکین. لێکۆڵەران لە ڕێگەی پێوانەکردن یان هەڵسەنگاندنی ئەو پێکهاتە چەمکیيانەوە دەتوانن لە سەر بار و دۆخ یان ئاستی جێبەجێکردنی زانۆکە کۆبکەنەوە و شرۆڤەی بکەن. خشتەی ٢ لیستی پێکهاتە چەمکییەکانی تیۆرییە باسکراوەکان پیشان دەدات.

[1] . Conceptual constructions



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی٢. پێکهاتە چەمکییە باسکراوەکان سەبارەت بە پەیوەندی سیستمە ئەلکترۆنییەکان و شوناسی دیجیتاڵی

| لایەنەکان | چوارچێوە فەلسەفییەکان | پێکهاتە چەمکییەکان |
|---|---|---|
| **لایەنی سروشتی شوناس** | فەلسەفی پۆست مۆدێرن | پارچەپارچەکراوی و ڕووکاری شوناس لە جیهانی دیجیتاڵ، چەند لایەنە بوونی سروشتی پێکهاتنی شوناسی دیجیتاڵی |
| | تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی | حەزی جوێکردن و دەستەکردن، ئەندامێتی گروپ، چالاکی کۆمەڵایەتی، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا، یەکگرتویی و بەها (چالاکی هاوبەش و ئەندامێتی لە ڕیکخراوە) |
| | تیۆری پێکهاتنی شوناس | پێکهاتەخوازی وەک سروشتی شوناس، ئاڵ و گۆڕی (پێکهاتنی) شوناس، شوناس سروشتی شلەمەنی هەیە و پابەندە بە شوێنکاتەوە، ڕادەستکرندی پێکهێنان و سوودمەندییەکان |
| | تیۆری پاش شوناس | هەوڵی تاک بۆ کنەکردن و نواندنی شوناس لە دونیای دیجیتاڵ، |
| | بەشەسەرکییەکانی شوناسی دیجیتاڵی: | خزمەتی باشتر، لەخۆگرتنی پەراوێز کەوتووەکان، کاری مرۆڤدۆستیی باشتر |
| **لایەنی هەڵس و کەوتی کەسەکان** | تیۆری ڕۆل، | جێبەجێکردنی ڕۆل |
| | تیۆری هەڵس و کەوت | کاریگەری کردەوە (چالاکی و هەڵس و کەوت) لە سەر شوناس، پێنج یاسا (بەشداری چالاکانە، وەڵامدانەوە، بەکارهێنانی زانست، پێکهاتن لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە، و پەیوەندی دوولایەنە) |
| | تیۆری پێرفۆرمەنس، | پێرفۆرمەنسی دیجیتاڵ (جێبەجێکردنی ئەرک یان چالاکی نیشانەیە لە شوناس)، |
| | تیۆری خۆناساندن، | هێزی هەڵبژاردن تایبەتمەندی کەسایەتی، ڕازاندنەوەی ناوەڕۆک بۆ هاوبەشکردن، |
| | تیۆری بەڕێوەبردنی کارتێکردن، | ئیدارە و بەڕێوە بردنی شوناس، بەڕێوە بردنی زانۆکەی شوناس، هەوڵی تاک بۆ کۆنترۆڵی شوناسی خۆی (نواندنی ڕووی جوانی کەسایەتی) |
| | شیکاری دەروونناسەنەی کەسایەتی بەکارهێنەر | هاندەرە دەروونەییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕاستی کەسایەتییەکان |
| **لایەنی ژینگەی دیجیتاڵی** | کۆمەڵگای تۆڕی دیجیتاڵ، | پەیوەندی دیجیتاڵی شوێنی گشتی نوێ دەخۆلقێنی، تێکەڵ بوونی جیهانی تاک و کۆمەڵگا لە دونیای دیجیتاڵ، کاریگەری دوولایەنەی جیهانی دیجیتاڵ و کەسایەتی بەکارهێنەر، |
| | تیۆری متمانە و پاراستنی مافی | متمانەی بەکارهێنەر، پاراستنی حەریمی تاک، یاسای پاراستنی |

| | | |
|---|---|---|
| | بەکارهێنەران، | حەریمی تاک، |
| | تێۆری دەروونناسی سایبەری، | کاریگەری پلاتفۆرم، بەردەنگ و بار و دۆخ (شوێنکات) لە سەر شوناس، دووڕوویی نێوان خودی ڕاستەقینەو هەڵس و کەوتی دیجیتاڵی، |
| | تێۆری سیستمە زانیارییەکان | دیزاینی سیستمی ئەلکترۆنی، باری ئەمنی سیستم، کاریگەری سیستمی زانیاریی لە سەر ڕێکخراوە و کۆمەڵگا، یەکپارچەیی زانۆکە، ڕەسەنایەتی بەکارهێنەر، ئیدارەی شوناسی بەکارهێنەر |
| **لایەنی کاریگەی سیاسی** | تێۆری عەداڵەتی زانۆکە، | ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربرینی ڕەخنە لە دیسکۆرسی باڵادەست، کۆمەڵگای پەراوێز خراو، عەداڵەتی زانۆکە (دیسکۆرسی لایەنی باڵادەست) |
| | تێۆری مرۆڤناسی حکۆمەت، | شیکاری کرداری بەکارهێنەران، دڵخواز و پێداویستی بەکارهێنەران، مرۆڤناسی دەوڵەت (ئەزموونی ژیانی واقیعی بەکارهێنەران) |
| | تێۆری پەیوەندی گروپە هاو کولتوورەکان. | پەیوەندی گروپە هاو کولتوورەکان، کاریگەری شوێنکات لە سەر شوناس، پشتیوانی و بەهادان بە گروپی ئۆنلاین، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان شوێنی سەرهەڵدانی گروپە هاوکولتوورەکانن، |
| | کاریگەری سیاسەتی پەرتەوازەی لەسەرشوناس | ڕۆڵی سیستمی ناوەندی، ڕۆڵی سیاسەتی چەند لایەنە لەسەر شوناسی نیشتمانی |
| **ڕیکخراوە کولتوورییەکان** | بیرەوەری کۆ (ئەزموونە هاوبەشەکان) | ڕۆڵی کەلەپووری دیجیتاڵی لە پتەوکردنی شوناسی نیشتمانی |
| | ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان | ڕۆڵی دیجیتاڵ کردن و پاراستنی کەلەپووری کولتووری، هەست بە هوبوون پابەندە بە ئامەدەبوونی دیجیتاڵ (ڕادەست بوون) |

**پرسیاری سێهەم**: بە پەیوەندی نێوان پێکهاتە چەمکییەکان، مۆدێلی تێۆرێکی گشتگیر چۆنە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە یەکەم دەبێ بزانین چۆن لە سروشتی شوناس (سروشتی شوناس بە پێی تێۆری پۆست مودێرن، تێۆری پێکهاتن و تێۆری پابەند بوونی شوناس بە کۆمەڵگاوە) بیر دەکەینەوە؟ هەر وەها ئەکتەری سەرەکی شوناس (بەکارهێنەران لە جیهانی دیجیتاڵدا) چۆن دەسنیشان دەکەین؟ دووهەم، دوای ئەم تێگەشتنە، دەبێ مێکانیزمی ڕەخساندنی هەل بۆ خولقاندن، پەرەپێدان و پتەوکردنی شوناسی نیشتمانی لە ڕێگەی چوارچیوەی سیاسی کۆمەڵگاوە، بە پێی پلانی ستراتیجی ڕوون بکرێتەوە. سێهەم، ئەو ڕێکخراوانەی ئەرکی پاراستن، بزواندن و پەرەپێدانی شوناسی نیشتمانیان لە ئەستۆیە دەس نیشان بکرێن. چوارەم، ڕێکخراوە کولتوورییەکان، بە پێی ئەو بنەما تێۆرییانەی لە سەرچاوەکاندا هاتووە و هەندێکی لەم

وتارەدا باسکرا، سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی بۆ ئەوەی ئەکتەرە سەرەکییەکانی شوناسی نیشتمانی ڕۆڵی خۆیان ببینن، دیزاین بکەن و کاری پێ بکەن. هەروەها ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و لێکۆڵەران بەردەوام سەبارەت بە کاریگەری ئەم سیستمانە لێکۆڵینەوە بکەن.

**پرسیاری چوارەم:** پەیوەندی نێوان سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و شوناس لە مۆدێلی گشتگیری نوێدا چۆن پێناسە دەکرێ؟

بەپێ ئەو سەرچاوانەی باسکران، جیهانی دیجیتاڵ بە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگەی تۆڕەکان و ڕەخساندنی دەرفەتگەلی جۆراجۆر بۆ ئەوەی ئەکتەرەکانی شوناس (بەکارهێنەران) چالاکی بکەن، ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی حاشاهەڵنەگرە. بە پێی ئەو تێۆرییانەی لە سروشتی شوناس دەکۆڵنەوە، ئەم کۆمەڵگا مەجازییە دەتوانێت شوێنکاتگەلێکی جۆراجۆر بۆ پێکهاتن و ئاڵ و گۆڕی شوناسی نیشتمانی بێت (Lu & Yu, 2018).

**پرسیاری پێنجەم:** بۆ پتەو کردنی شوناسی نیشتمانی لە ڕێگەی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنییەوە چ پێشنیارگەلێک گونجاوە؟

بە پێی گەڕان لە ئنتەرنێت و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان (وەک حکومی، زانکۆکان، و کتێبخانەکان)، زۆرترین چالاکی لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت لە فەیس بووکدایە. کتێبخانە گشتییەکان، ئەرشیڤەکان، مووزەخانەکان، وەزارەتخانەکان ماڵپەڕی تایبەتیان نییە، حکومەت ماڵپەڕێکی بۆ هەموو وەزارەتەکان داناوە. بەڵام زانیارییەکانی زۆر کەمن و بە باشی ڕادەست نەکراون یان هەموو خزمەتگوزاری وەزارەتەکان ناخاتە بەردەست.، زانکۆکان ماڵپەریان هەیە بەڵام کەم و کووڕیان زۆرە، بە تایبەت لە بواری کتێبخانەوە. هەندێک ڕیکخراوەی حکومی، حیزبی و ناحکومی بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و بیرەوەرییەکان دامەزراون، بە دەگمەن ماڵپەڕ یان زانۆکەدانیان هەیە. بەڵام ئەمانە زۆر لە سەر فەیس بووک چالاکن. ئەمە لە حاڵێکدایە هەندێک لێکۆڵینەوە دەری خستووە کە کاریگەری فەیس بووک لە سەر شوناسی کولتووری پێچەوانەیە. واتە بەکارهێنەر بە تایبەت گەنجان لە کولتووری خۆماڵی دوور دەخاتەوە ( Ghasemi et al., 2013; Alipour et al., 2014; García-Ordóñez et al., 2024).

بۆ بەدیهێنانی دڵنیایی پەیوەندی جیلی نوێ لەگەڵ کولتووری خۆماڵی پێویستە ڕێکخراوە کەلتووری و زانستییەکان لە ڕێگەی سیستمێکی خۆماڵی وەک ماڵپەڕ یا زانۆکەدانەوە هەواڵ، چالاکی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی زانستی و زانیاری سەبارەت بە لایەنە هاوبەشەکان بخەنە بەردەستی کۆمەڵگا. وەک ڕێنوێنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان ئەم خاڵانەی خوارێ پێشنیار دەکرێت:

1. ژینگە دیجیتاڵییەکان شوێنکاتی کۆمەڵایەتی حاشا هەڵنەگرن و کاریگەرییان (بە ئەرێنی و نەرێنی) لە سەر شوناسی نیشتمانی هەیە. لە بەرچاونەگرتن و گرنگی نەدان بە ژینگەی دیجیتاڵی دەبێتە هۆی بێگانە بوونی جیلی نوێ لە کولتوور و شوناسی نیشتمانی. بە هۆی بەکارهێنانی بەردەوامی تەکنەلۆجیای زانیاری لە لایەن جیلی نوێ و بەکارنەهێنانی لە لایەن جیلە پێشووەکانەوە، نامۆیی و دوورکەوتنەوە لە کولتووری ڕەسەن ڕوودەدات. کێشەکە لەوەدایە هاوسەنگی نییە لە نێوان دەسڕاگەیشتن و بەرچاوخستنی کولتووری ناوخۆ و کولتووری وڵاتانی تر. جا لە بەر ئەوە، ئەگەر بە شێوەی

دروست و لە کاتی پێویست دا سیستمی ئەلکترۆنی خۆماڵی نەکەوێتە گەڕ، نامۆیی کولتووری خۆماڵی بە نەوەی ئێستا و داهاتوو خێراتر و قووڵتر دەبێت و چارەسەرکردن و پاراستنی شوناسی نیشتمانی دژوارتر دەبێت.

2. دوەڵەت سیاسەتێکی ڕوون و کارامە بگرێتە بەر بۆ هاندانی ڕیکخراوە پەیوەندیدارەکان تا بەرەو دانانی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی و دیجیتاڵکردنی کولتوور برۆن. لەم سیاسەتەدا ڕێکارەکان و ئیزنی ئیشکردن بە شێوەی سەربەخۆ بدرێت بە ڕیکخراوەکان بۆ دامەزراندنی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی.

3. ڕیکخراوەکان دەبێ بۆ دامەزراندنی سیستمی زانیاری ئەلکترۆنی بنەما زانستییەکانی ئەم بوارە لەبەرچاو بگرن و ئامانجیان خزمەتی باشتر، لەخۆگرتنی پەراوێز کەوتووەکان و کاری مرۆڤدۆستی باشتر بێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ تۆڕی هاوکاری نیشتمانی لە نێوان ڕێکخراوەکان پێک بێت. ئەم تۆڕە نیشتمانییە دەبێتە هۆی بەهێز کردنیان لە بواری پسپۆڕی فەرمانبەران، بەرزکردنەوە ئاستی ستانداردی سیستمی زانیاری، و بەرفراوانکردنی خزمەتگوزاری بە بەردەنگەکان.

4. لێکۆڵەرانی بواری شوناسی نیشتمانی لە سەر لایەنەکانی پەیوەندی ژینگەی دیجیتاڵی و شوناسی نیشتمانی و ڕۆڵی ڕێکخراوە بیرەوەرییەکان بکۆڵنەوە. بە بڵاوکردنەوەی وتار، دانانی وۆرکشۆپ و سێمینار ئاستی هەست و بەرپرسیارێتی بەرپرسان و گشتی بەرزبەکەنەوە.

**٨- سەرچاوەکان**


Aghapouri, J. H. (2019). Towards pluralistic and grassroots national identity: a study of national identity representation by the Kurdish diaspora on social media. *National Identities*, *22*(2), 173–192. https://doi.org/10.1080/14608944.2019.1601172

Bozkurta. A. & Hsiung, C. (2016) Digital identity formation: socially being real and present on digital networks. *Educational Media International*, Volume 53, 2016 - Issue 3, Pages 153-167

Sporāne, B. (2013) Digital Cultural Heritage And Memory Institutions Within The Structure Of National
Identity: Philosophical Discour. *Przegląd Biblioteczny* 2013 Z. 4 Pl Issn 0033-202x

Basu, S. (2004). E-government and developing countries: an overview. *International Review of Law, Computers & Technology*, *18*(1), 109-132.

Coombes, A. E. (2019). Museums and the formation of national and cultural identities. *In Grasping the World* (pp. 278-297). Routledge.

Bertino, E. & Takahashi, K. (2011) *Identity Management Concepts, Technologies, and Systems*. Artech House, London

Espinosa, V. I., & Pino, A. (2025). E-Government as a development strategy: The case of Estonia. *International Journal of Public Administration*, *48*(2), 86-99.

García-Ordóñez, O. A., Cejas-Leyva, L. M., Moreno-De La Herrán, I. A., & Ledezma-Mercado, J. N. (2024) The influence of social media on the construction of adolescent identities: A study from social psychology in multicultural contexts. *Journal of Contemporary Sociology*, *11*(30), 1-7.

Ghasemi, V., Adlipour, S., & Mir Mohammadtabar, S. A. (2013). The Facebook Social Network and Changes in Social Identity Among the Youth of Tabriz. *Sociology of Social Institutions*, *1*(1), 125-150.

Idris, F., Hassan, Z., Ya'acob, A., Gill, S. K., & Awal, N. A. M. (2012). The role of education in shaping youth's national identity. *Procedia-Social and Behavioral Sciences*, 59, 443-450.

Lu, J., & Yu, X. (2018). The Internet as a Context: Exploring Its Impacts on National Identity in 36 Countries. Social Science Computer Review, 37(6), 705-722. https://doi.org/10.1177/0894439318797058 (Original work published 2019)

Hilowle, M., Yeoh, W., Grobler, M., Pye, G. & Jiang, F. (2024) Improving National Digital Identity Systems Usage: Human-Centric Cybersecurity Survey, *Journal of Computer Information Systems*, 64:6, 820-834, DOI: 10.1080/08874417.2023.2251452

Mandler, P. (2006). What is "national identity"? Definitions and applications in modern British historiography. *Modern Intellectual History*, 3(2), 271-297.

McLean, F. (1998). Museums and the construction of national identity: A review. *International Journal of Heritage Studies*, 3(4), 244-252.

Mustopa, S., Sinaga, O., & Sumadinata, W. S. (2024). A New Direction for Nationalism in Indonesia. *Journal of Ecohumanism*, *3*(4), 1292-1302.

Parekh, B. (1995). The concept of national identity. *Journal of ethnic and migration studies*, 21(2), 255-268.

Cover , R.(2023) *Identity and Digital Communication: Concepts, Theories, Practices*. Routledge (Taylor & Francis Group)

Alipour, S., Ghasemi, V. & MirMohammadTabar, S. M. (2014) The Effect of Facebook Social Network on Cultural Identity of Youth in Isfahan. *Journal of Iranian Cultural Research*, 7 (1), 1-28. https://doi.org/10.7508/ijcr.2014.25.001

Masiero, S. & Bailur, S. (2021) Digital identity for development: The quest for justice and a research agenda. *Information Technology for Development*, Volume 27, Issue 1

Tajfel, H., Turner, J. C., Austin, W. G., & Worchel, S. (1979). An integrative theory of intergroup conflict. *Organizational identity: A reader*, 56(65), 9780203505984-16.

Theunissen, C. A. (2021). "*Where do I belong?" DNA test results and self-perceptions of identity*.

Van Ryn, M., & Heaney, C. A. (1992). What's the use of theory? *Health Education Quarterly*, 19(3), 315-330.

Williams, R. (1959). Culture and society. *Essays in Criticism*, 9(4), 432-437.